# English language and symbolic violence
# Private education and social inequality in the Kurdistan Region

Ahmad Ali Hama[1], Kaveh Mohamad Husain Sharif[2]
[1] Selemani University – Faculty of Education Basic
[2] Selemani University – Science of Human

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.19*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*Today, the important issue with regard to education in the Kurdistan Region is the relationship that this institution can have with social equality. In the years following the fall of the Ba'ath regime, education and higher education are gradually re-modernizing themselves, so the important question is whether this institution is an opportunity for equal opportunities, or an additional opportunity in the hands of the upper classes? The aim of the study is to show the extent of symbolic violence and social inequality in universities, especially in private university in the Kurdistan Region, research is a quantitative research and the method used in this research is analytical method, with comparative method is used to show the differences more obvious, the community of this study is university students of Sulaimani should be measured , especially in terms of how people see the university; For this purpose, 10 students were recruited from Sulaimani University and American University of Sulaimani. Open-ended interviews were used to collect data from the sample.  results show that English language (ESL) is a violent symbol of discrimination that this private universities wants to provide to its students. The English language symbolizes as conflict with a host of cultural symbols such as accent, expressive culture, and other symbolic instrumental additions. This symbolic weapon is supported by a host of other things, such as the type of food, clothing, music, and tastes.*

***Keywords**: Higher Education, University, Symbolic Violence, English Language, Cultural Capital, Social Inequality*

# زمانی ئینگلیزی و توندوتیژی هێمایی: پەروەردەی تایبەت و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

پ.ی.د. ئەحمەد عەلی حەمە: ز. سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
ahmad.ali@univsul.edu.iq

پ.ی.د. کاوە محمد حسین: ز. سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
Kaveh.husain@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئەمڕۆ پرسی گرنگ سەبارەت بە پەروەردە لە هەرێمی کوردستان ئەو پەیوەندییەیە، کە ئەم دامەزراوەیە لەگەڵ یەکسانیی کۆمەڵایەتییدا هەیەتی. لە ساڵانی دوای نەمانی ڕژێمی بەعس، پەروەردە و خوێندنی باڵا هێدی هێدی خۆی ڕۆژەڤ دەکاتەوە، بۆیە پرسە گرنگەکە لەوەدایە، کە ئایا ئەم دامەزراوەیە هەلێکی یەکسانە بۆ تاکەکان، یان هەلێکی زیادەیە لەدەست چینی باڵا و دەستڕۆیشتوودا؟

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕادەی بوونی توندوتیژی هێمایی و نایەکسانی کۆمەڵایەتییە لەناوەندەکانی خوێندنی باڵا، بەتایبەت لە ناوەندەکانی خوێندنی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندێتیە و میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکارییە، هەروەها میتۆدی بەراوردکاری بەکار هێنراوە بۆ دەرخستنی جیاوازییەکان، بۆئەوەی بەرچاوتر دەرکەون، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە خوێندکارانی زانکۆیە، واتە لەم توێژینەوەدا زانکۆی ئەمریکی- سلێمانی بە نموونە وەردەگیرێت، بەڵام هەوڵدەدرێت، کە ئەم دەرکەوتنەیش لە زانکۆی سلێمانی بپیورێت، بەتایبەت لەو ڕووەوە، کە پێویستە بزانرێت خەڵک چۆن ئەو زانکۆیە دەبینن؛ بۆ ئەم مەبەستە (١٠) خوێندکار وەک نموونە وەرگیراون لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی. ئامرازی چاوپێکەوتن کراوە بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە نموونەی توێژینەوەکە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات، کە زمانی ئینگلیزی هێمای توندوتیژیەکەیە بۆ ئەو جیاکارییەی، کە زانکۆی ئەهلی دەیەوێت بە خوێندکارانی ببەخشێت. زمانی ئینگلیزی بە کۆیەک لە هێمای کولتووری وەک ئەکسێنت، کولتووری دەربڕین و زیادییەکانی دیکەی ئامرازی هێمایی ئەم ململانێ هێماییانەیە. ئەم چەکە هێماییە بە کۆیەک لە شتی تر پاڵپشتی دەکرێت، وەک جۆری خواردن، جلوبەرگ، مۆسیقا و حەزوئارەزوو.

**وشە سەرەکییەکان**: خوێندنی باڵا، زانکۆ، توندوتیژی هێمایی، زمانی ئینگلیزی، سەرمایەی کولتووری، نایەکسانی کۆمەڵایەتی

# زمانی ئینگلیزی و توندوتیژی هێمایی: پەروەردەی تایبەت و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

## ١. پێشەکی

ئەم توێژینەوە، ڕوانگەی تیۆری بۆردیۆ لە کۆمەڵناسیی پەروەردە بە گشتی و کۆمەڵناسیی خوێندنی باڵا بە تایبەت جێگای تێرامان و کەڵک وەرگرتنە. توێژینەوەکانی بۆردیۆ ئەمڕۆ ڕوویەکی جیهانیان پەیدا کردووە و بوونەتە جێگای سەرنجی زۆرینەی کۆمەڵناسان و توێژەرانی بواری مرۆیی لە دونیادا. ئەم توێژینەوانە لەو ڕووەوە سەرنجڕاکێشن، کە مەودا فەراهەم دەکەن بۆ پیشاندانی ئەم پەیوەندییە دوو لایەنەی، کە لە نێوان پەروەردە و نایەکسانی کۆمەڵایەتیدا هەیە. بەڵام ئەم کەڵکە تیۆرییەی، کە لە بۆردیۆ وەرمانگرتووە بە هیچ شێوەیەک بەواتای پەیڕەوکردنی دەقاودەق و لاساییکردنەوەی بۆردیۆ نییە. لە ڕاستیدا ئەم توێژینەوە لە پرسی تیۆرییەوە بە مەیدان نەگەیشتووە؛ ئەوە زیاتر بینینەوەی مەیدانی بوو، کە ڕامانیکێشا بەرەو ئەوەی، کە چ تیۆرێک دەتوانێت ئەم پەیوەندییە بە جوانی بخوێنێتەوە. نووسەری ئەم دێڕانە یەکمجار گەلاڵەی ئەم توێژینەوەی بۆ پەیدابوو، کە بۆ خۆی لە زانکۆی سلێمانی شایەدی ئەو هەستیارییە بوو، کە خوێندکاران هەیانبوو سەبارەت بە زانکۆی ئەمریکی، بۆیە لای ئێمە پرسەکە لە مەیدانەوە دەستی پێکرد، دواتر بە بۆردیۆ گەیشت، بەڵام سەرەڕای ئەو کەڵکە تیۆری و چەمکییەی، کە لە کەسی وەک بۆردیۆ بینیمان، گەیشتینە ئەو قەناعەتە، کە لە پرسی خوێندنەوەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە کوردستان دەبێت ڕەچاوی تایبەتمەندی کوردستان بکەین، بۆیە ئەم لاپەڕانەی خوارەوە بۆ ئێمە زیاتر گفتوگۆیەکە لە نێوان تیۆری بۆردیۆ لە لایەک و ڕاستی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان لە لایەکی تر. بەڵام زیاد لەمانە، هەوڵی ئێمە لەمەدا نەوەستاوەتەوە و هەوڵمانداوە ڕووە لاوازەکانی تیۆری بۆردیۆ پیشان بدەین جا چ بە هەوڵێکی تیۆری بێت یان بەو واقیعانەی، کە لە پەروەردەی کوردستان بینیومانە. کۆی ئەم هاتوچۆیە بۆ تیشک خستنە سەر ئەو ڕاستیە بووە، کە ئەمڕۆ پەروەردە و خوێندنی باڵا چۆن ڕۆڵێکی پاڵپشتانەی پاساودەرانە دەگێڕێن بۆ ئەو نایەکسانییە کۆمەڵایەتی- چینایەتییەی، کە لە ئارادایە. لە هەمان کاتدا هەوڵدراوە پیشان بدرێت، کە پەروەردە بەم شێوازە چەندە لە ڕاگرتنی ئەم نایەکسانییەدا ڕۆڵی جەوهەری دەبینێت. تیۆری بۆردیۆ لە چەند ڕووەوە بۆ ئێمە گرنگە. سەرەتا ئەو پێناسە نوێیەی، کە بۆردیۆ لە سەرمایەی کولتووری دەیکات ڕووناکیبەخشی ئەم پەیوەندییە دووسەرەیە لە کوردستان؛ بە پاڵپشتی لە چەمکی هابیتوس. بەڵام ئەم چەمکانە ناتوانن ئەوەندە ڕوونکەرەوەبن، ئەگەر لەگەڵ چەمکی نوێی دووبارە بۆردیۆیانەی توندوتیژی هێمایی جووت نەبن.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ و دەرکەوتنی لەسەرخۆی ڕژێمی تازە لە عێراق؛ یەکەم دەرکەوتەی نوێیەکان لە پەروەردەدا بەدی دەکرێت. لەبەر دۆخی ناسەقامگیری بەغداد و ناوچە عەرەبییەکانی عێراق، هەتاکو سەردەمی دوای نەمانی داعش ئەم دەرکەوتانە لەم ناوچانە زۆر بەرهەست نیین، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دەرکەوتەکان زۆر زەق و دیارن. ئەم گۆڕانکارییانە لە کەرتی پەروەردەدا و لە جۆری خۆیاندا لە عێراق و لە کوردستان بێ وێنەن. لەم گۆڕانکارییەدا بازاڕ و داخوازی بازاڕ دەبێتە پێوەری یەکەم، بەڵام لەمە دیارتر بە سروشتی نیشاندانی جیاوازی و جیاوازی قایل بوونێکە، کە لە نێوان ئەم دوو کەرتەدا هەیە. کرانەوە و ئاسانکارییەکی زۆر سەبارەت بە کەرتی پەروەردەی تایبەت دروست دەبێت؛ کەرتی گشتی دەبێت تەنها لەبیر چارەسەرکردنی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکاندا بێت. کەرتی گشتی لە نەستی بەڕێوەبەرایەتیدا دەبێتە بەشێک، کە زۆر سوودی نییە و تەنها دەبێت بودجەی بۆ خەرج بکرێت؛ کەرتی گشتی بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکانە، بەڵام کەرتی تایبەت حسابێکی تری بۆ دەکرێت، لە خراپترین دۆخدا بۆ سیستەمی بازاڕ باشە و لە باشترین دۆخدا ئەرکی سەرکردایەتی و بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتی دەکەوێتە ئەستۆ. ئەم خاڵانەی سەرەوە لە دوای ٢٠٠٣ لە هەردوو جۆر خوێندنی «باڵا» و خوێندنی «گشتی»، یانی پێش زانکۆدا دەبینرێت. بەڵام لە ئاستی خوێندنی باڵادا زیاتر بەرجەستە دەبێت، ئەم گۆڕانکارییانە لە چەندین ڕووەوە جێگای سەرنجن، بەڵام بۆ ئێمە گرنگترین ڕۆڵ ئەو ڕۆڵەیە، کە بەشێکی کەرتی تایبەت دەیگێڕێت لە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی، بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوە لەسەر ئەو پرسیارە دەسوڕێتەوە، کە چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان پەروەردە، خوێندنی باڵا و نایەکسانی کۆمەڵایەتی؟ ئایا کەرتی تایبەت لە خوێندنی باڵا ڕۆڵێ هەبووە لە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی؟ ئەگەر ئەمە ڕاستە تا چەند کەرتی تایبەتی خوێندنی باڵا ڕۆڵی هەبووە لە بەرهەمهێنانەوەی ئەم نایەکسانییە؟ ئەگەر ئەم پرسیارانە ڕەوا بن، ئایا ئەم ڕاستیانە بۆ هەموو کەرتی تایبەتدا ڕەوایە یان تەنها بەشێکی دەگرێتەوە؟

**١-١ کێشەی توێژینەوە:**

هەموو کات پەروەردە پەیوەندییەکی قووڵی بە پێگەی کۆمەڵایەتی- ئابووری و چینەکانی کۆمەڵگایەوە هەیە، بۆیە پەروەردە دامەزراوەیەکی بێلایەن نییە. بە ڕێکەوت نییە، کە دامەزراوەی پەروەردەیی دەبێتە مێکانیزمی وەبەرهێنانەوە؛ پەروەردە بۆخۆی خاڵی جەوهەری ئەو سیستەمی چینایەتیەیە. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە پەروەردە ڕۆڵی چییە لە نایەکسانیی چینایەتی و بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیدا؟

**١-٢ گرنگی توێژینەوە:**

ئەوەندەی توێژەران ئاگادارن: لە کوردستان بەگشتی توێژینەوە بەدی ناکرێت، کە هەوڵبدات شیکاریەک لە پەیوەندی نێوان کەرتی پەروەردە و پێگەی کۆمەڵایەتی-چینایەتی پێشکەش بکات، جا گرنگ نییە ڕوانگە تیۆریەکەیشی هەرچی بێت. ئەم تێبینییە تەنانەت بۆ نامەی ماستەر و دوکتۆرای زانکۆکانی هەرێمی کوردستانیش هەر ڕەوایە. ئەو کارە ئاکادێمیانەی، کە لەسەر پەروەردە پێشکەش کراوون، زۆرتر لەسەر خودی پەروەردەن و بەگشتی لەسەر پرسی ناوەڕۆکی پەروەردە یان چۆنێتی گەشەسەندنی دەدوێن. نمونەی ئەم جۆرە دەقە لای فایەق سەعید (٢٠٠٤)ە، کە زیاتر هەوڵدەدات بە تیۆری کەسانی وەک پیاژە و لیۆڤیگۆچسکی پرسی خودی پەروەردە لە کوردستان بخوێنێتەوە. یان ئەو توێژینەوانەی کەسی وەک کاوە جەلال (٢٠١٨، ٢٠٢٠) لەسەر ناوەڕۆکی پەروەردە بڵاوی کردۆتەوە؛ ڕۆڵی گەمە لە گەشەی کەسێتی منداڵدا؛ یان، کێشەی پەروەردەی فێرکاری لە هەرێمی کوردستان، ڕەخنە و ئەڵتێرناتیڤ، نموونەیەکی تری لەم چەشنە پەرتووکی ئەحمەدی مەلایە (٢٠١٢) لەسەر کۆی پەروەردە و چۆنێتی مامەڵەکردنی مرۆڤی کورد بە مەعریفەوە. بەڵام بە گشتی هیچ کام لەم توێژینەوە و نووسینانە ئاوڕێکیان لە پرسی پەیوەندی کەرتی پەروەردە و نایەکسانی کۆمەڵایەتی نەداوەتە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەڕووی تیۆرییەوە گرنگە.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی پراکتیکییەوە گرنگە بۆ خوێندکاران، قوتابیان و پەروەردەکاران بۆ زانینی مەودای ئەو نایەکسانیەی، کە لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا هەن و پەروەردە سازاندونی.

### ١-٣ ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕادەی بوونی توندوتیژی هێمایی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی یە لە ناوەندەکانی خوێندنی باڵا، بەتایبەت لە ناوەندەکانی خوێندنی تایبەت لە هەرێمی کوردستان

## ٢- لایەنی تیۆری

### ٢-١ توندوتیژی هێمایی و پەروەردەیی:

تێزی بۆردیۆ بریتییە لەوەی کە سیستەمی پەروەردە زیاتر لە خێزان، ئایین، کۆمپانیا بازرگانییەکان ڕۆڵی هەیە لە گواستنەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا، ئەم بیرۆکەیە بەشێکی باش لە ڕاستی پەروەردە دەخوێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئاوڕێکی ڕژد لە چەمکی توندوتیژی هێمایی بدەینەوە. ئەم چەمکە پێچەوانەی تێگەیشتنی ڤێبەرە لە تەکوزی و فشاری کۆمەڵایەتی. بۆیە تەکوزی و کۆنترۆڵ ڕاستەوخۆ پێک نایەت، بەڵکو لە پرۆسەیەکی ناڕاستەوخۆدا لەڕێگای مێکانیزمە کولتوورییەکانەوە بەرهەم دێت، بۆیە هەموو تێگەیشتنێک لە

دەسەڵات دەبێت بڕواتە خانەی ڕەواییدان بە زاڵبوون (Jenkins, 1994: 65). هێمایی بەواتای ئەو تێگەشتنە نییە، کە لە زمانی ڕۆژانەدا بەکار دێت، بەڵکو بە واتای کەمکردنەوە، نەهێشتنەوە یان خاوکردنەوەی توندوتیژیی جەستەییە؛ وەک لێدان و هێمایی، هەروەها خەڵک وا لێکیدەدەنەوە، کە توندوتیژیی هێمایی بریتییە لە توندوتیژی ڕۆحی، کە هەمان کاریگەری نییە، کە توندوتیژی بەرجەستە هەیەتی. هێمایی بەواتای ئەوەیە، کە توندوتیژیەک بە نامێژوویی بژمێردرێت؛ بەجۆرێک ئەو پێگە زاڵەی، کە بە کەسێک دەدرێت وەک «سروشتی» بنوێنێت. ئەمە تاک دەباتە دۆخێکی «خۆبەکەمزانی» سیستەماتیک، و تەنانەت «ڕقبوونەوە لە خوود» ( Bourdieu, 2001: 34–35) لای بۆردیۆ هەموو بژاردە کولتوورییەکان حوکمکارانەن و تەنها بە ڕواڵەتێکی باش خۆیان دەردەخەن. بەڵام توندوتیژیی هێمایی یەکسان نییە بە دەستکەوتی کولتووری، هەروەها پەیوەندیی فێرخوازانە هەمووکات بە واتای گونجاندنی کولتووری زاڵ نییە؛ بۆ ناسینەوەی وەک کولتووری ڕەوا (Bourdieu & Passeron, 1997 : 41). ئەو هابیتۆسەی لە خێزان بەدەست دێت دەبێتە بنەمای تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەو پەیامەی لە قوتابخانە دەوترێتەوە. ئەو هابیتوسەیش لە قوتابخانە بەدەستدێت و لە شوێنی خۆیەوە دەبێتە بنەما بۆ وەرگرتن و تێگەیشتن لەو پەیامانەی لە پیشەسازی کولتووریدا پێشکەش دەکرێن. بەردی بناغەی هەر جۆرە کردەیەکی فێرخوازانە توندوتیژیی هێماییە و هەر لە ڕێگای توندوتیژیی هێماییشەوەیە کولتووری زاڵ خۆی دەچەسپێنێت. ئەمە هەر لە ڕێگای ڕەواییدانەوە ڕوو دەدات؛ پەروەردە خۆی بە بێلایەن نیشاندەدات یان خۆی بە ئەرێنی دەردەخات، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کردەیەکی فێرخوازانە بێلایەن و ئازاد نییە. هەر جۆر فێرخوازییەک دەسەڵات ئامێزە و نوێنەرایەتی زاڵبوونێکی کولتووری دەکات. دەسەڵاتی فێرخوازانە نابەخشرێت، بەڵکو بەدەست دێت (Jenkins, 1992: 66). ئۆتۆریتەی فێرکارانەی قوتابخانە سەرچاوەی وەهمێکە، کە توندوتیژیی هێمایی لەسەر سیستەمی پەروەردە پەیرەوی دەکات و هیچ پەیوەندییەکی بە بنەمای پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە نییە، جا هەرچەند ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێت لە ڕەواییدان و بێلایەن پیشاندانی ئەم پەیوەندیانە.

### ٢–٢ سەرمایەی کولتووری و توندوتیژی هێمایی:

ئەم فۆرمە تازەی بۆردیۆ لەسەر چەمکی مارکسیانەی سەرمایە بریتییە لە دوو داهێنانی ناوازە. **یەکەم:** سەرمایە زۆر جۆری هەیە، هەر لە ماددیەوە (فیزیکی، ئابووری) تاکو نامادی (کولتووری، هێمایی و کۆمەڵایەتی). **دووەم:** هەرکام لەمانە ئەوەی تێدایە، کە ببێت بە ئەوی تر (Bourdieu, 1986 : 243)

بەگشتی بۆردیۆ پێشنیاری چوار جۆری سەرمایە دەکات: ئابووری، کولتووری، هێمایی و کۆمەڵایەتی. سەرمایەی کولتووری ئەو بەرهەمە کولتوورییانەیە، کە لە جەستە و مێشکی مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە، بەهەمان شێوە، کە لە شتەکانیشدا هەر ئامادەیی هەیە. سەرمایەی کولتووری لە سێ ئاستدا دەردەکەوێت: لە ئاستی بەبابەتکراو (Objectified)؛ وەک پەرتووک، نیگارکێشی، ئامراز، ئۆتۆمبێل..هتد. لە ئاستی بەدامەزراوەکراویدا (Institutionalized)؛ وەک بەڵگەنامەی ئاکادێمیک. ئاستی سێیەم، ئاستی بەرجەستەکراوی (Embodied) سەرمایەی کولتووری بریتیە لە: خووە بەردەوامییەکان، کە لە تاکێکدا وەک هابیتۆس دەمێنێتەوە. سەرمایەی هێمایی، فۆڕمی شاردراوەتر و ڕازاوەتری سەرمایەیە؛ وەک دەمامکی پەیوەندییە ئاکارییەکان، کاریزماکان و هێماکانی شایستە سالاری. سەرمایەی کۆمەڵایەتی ئەو تۆڕ و پەیوەندییە گروپیانەیە، کە دەستی کەسێک دەکاتەوە تا بە ئاسانی هەندێ سەرچاوەی دەست بکەوێت . : Bourdieu, 1986) (249. لە سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا، تاک دەبێتە هەڵگری بەهاگەلێک، کە بۆ هەموو هاوجۆرەکانی هاوبەشە؛ لەگەڵ ئەمەدا کەڵک لە متمانەیەکی دوولایەنەی ئەو کۆمەڵگای تێیدا دەژیت، وەردەگرێت. ئەمانە هەموو ڕێگەخۆشکەرن  بۆ ئەوەی، کەسێک خاوەن پشتیوانێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بێت. کۆلمەن (Coleman, 1988) پێیوایە سەرمایەی کۆمەڵایەتی قازانجێکی گروپییە، کە تاکێک لەناو تۆڕێکدا زۆر بەهرە دەبینێت، تاکو کەسێک، کە بە تەنهایە؛ دەکرێت ئەم سەرمایە هەم لەڕووی چەندێتی و هەم لە ڕووی چۆنێتییەوە شی بکرێتەوە. کۆلمەن بە ئێتنۆگرافی قوتابخانەی کاتۆلیکی و ناکاتۆلیکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پیشان دەدات؛ ئەوانەی لە قوتابخانەی کاتۆلیکی دەخوێنن خاوەن کۆگایەکی گەورەی سەرمایەی کۆمەڵایەتیین لە شێوازی تۆڕی خێزانی، هاوڕێیەتی و دراوسێیەتی. خێزانی قوتابییەکان یەک دەناسن، دەبن بە هاوڕێ لەگەڵ یەک، بە بەردەوامی یەک دەبینن و هەمان نۆرم و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەکاردێنن. ئەو دایباب و کەسانەی، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی کۆمەڵایەتی و پشتیوانییەکی پتەوی گروپییان بۆ منداڵەکانیان دروستکردووە، ئیمکانی زیاتر دەبەخشن بە منداڵەکانیان لە داهاتوودا. لە نێوان کۆی ئەم ئاستانە لە لایەک و ئەو دەسەڵاتەی، کە چینێک لە کۆمەڵگادا پەیڕەوی دەکات پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە. بەجۆرێک، کە دەتوانین بڵێین؛ چۆنێتی کارگێڕیی ئەم چوار ئاستەیە، کە کەسێک دەکاتە خاوەن دەسەڵات یان لێی بەری دەکات. بۆیە چینەکان و گروپەکانیش یەکدەستن .(Coleman, 1988: 119)

بۆردیۆ چەمکی سەرمایەی کولتووری بۆ شیکردنەوە جیاوازییەکان لە دەرکەوتە پەروەردەییەکان و کردە کولتوورییەکان دێنێتە ئاراوە، کە لە نایەکسانییە ئابوورییەکاندا ڕوونکردنەوەیان بۆ نییە. شتە (Goods) هێمایی یان کولتوورییەکان لە شتە مادییەکان جیاوازن،

لەو ڕووەوە، کە کەسێک تەنها دەتوانێت بە تێگەیشتن لە واتاکانیان بەکاریان بێنێت. ئەمە ئەو شتە کولتوورییانە دەگرێتەوە، کە لە مۆزەخانەکان، هۆڵی کۆنسێرت و خوێندنگەکان دەبینرێنەوە: بەرهەمی هونەری، خەملاندنی بیرکارییانە، دەقی ئەدەبی، کولتووری جەماوەری و بەڵگاندنی فەلسەفی. تاکەکان دەتوانن ببن بە خاوەنی ئەم شتانە و لە واتاکانیان تێبگەن، تەنها مەگەر پێشتر ئاشنا بووبن بە ڕاڤەی خەملاندنیان. چەمکی سەرمایەی کولتووری بریتییە لە کۆی ئەو ڕاڤەکارییە پەروەردەکراوەی، کە شێوازی خەملاندن و تێگەیشتن فەراهەم دەکات. ئەم ڕاڤەکارییانە بە دوو واتا پەروەردە دەکردەێن: لە ڕووی هەڵسەنگاندنەوە (Evaluative) دەپاڵێورێن و لە ڕووی وەسفیشەوە، ئەمانە بەرهەمی هۆشیاریانە یان ناهۆشیاریانەی پرۆسەی پێگەیاندنن (Cultivation). سەرمایەی کولتووری تەنها لە مەیدانە زەینییەکاندا ئامادەیی نییە، بەڵکو ئامادەییەکی تەواوی بابەتیانەیشی هەیە لە ئاستە ئاکادێمییە باوەڕپێکراوەکان. بۆ گەیشتن بە پێگە خوازراوەکان لە بازاڕی کاردا بەڵگەنامەی پەروەردەیی فەرمی بۆتە یەکێک لە مەرجەکانی دونیای ئەمڕۆ و دایبابەکان ئەمڕۆ خوازیاری دەستەبەرکردنی پەروەردەیەکی باشن بۆ منداڵەکانیان، بەو واتایەی، کە هەرکەس ئەوەندە «بەهای نایابی» هەبێت تاکو بتوانێت لە بازاڕی کاردا جێگای خۆی بکاتەوە (Schubert, 2014, 182)، بۆردیۆ ئەم پرۆسەی سەرمایەدانانە بە گۆڕینی سەرمایەی ئابووری بۆ سەرمایەی  کولتووری ناوزەد دەکات (Bourdieu, 1984 : 25). کولتوور وەک سەرچاوەیەک دەبینرێت، کە ئەو ئیمکانە بە کەسێک دەبەخشێت تاکو دەستی بگات بە خەڵاتە نایابەکان، ئەوەی، کە مایەی قۆرخکردنە و لە هەندێ دۆخی تایبەتدا دەتوانێت لە بەرەیەکەوە بگوازرێتەوە بۆ بەرەیەکی تر. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە سەرمایەی کولتووری دەبێت لە ناوەندی چینبەندیدا (Stratification) دابنرێت.

بۆیە هاوئاهەنگیەک هەیە لە نێوان ئەو توانایانەی، کە قوتابخانەیەک دەیبەخشێت بە خوێندکارێک و ئەو ستایل و هەستانەی، کە پێگەی گروپی لە چینێکدا بەرهەم دێنێت. پرسیار ئەوەیە تا چ ڕادەیەک پەیوەندی لە نێوان دەرەجە و کارپەیداکردندا هەیە؟ یان چ پەیوەندییەک لەنێوان بەڵگەنامە و گەیشتن بە پێگەیەکی کاری خوازراو یان زۆر خوازراودا هەیە؟ لای بۆردیۆ دانایی و کارامەیی (Knowledge and skills) بە تەنها بەس نیین بۆ وەدەستهێنانی کارێک، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە، کە ئەم توانایانە هیچ بەهایەکیان نەبێت لە سەرخستنی کۆمەڵایەتی هەڵگرەکەیدا. ئەمانە ڕۆڵیان هەیە لە دوو ڕووەوە: لە لایەک بەستێنێکن بۆ زامنکردنی توانای تەکنیکی فێرخواز،  لە لایەکی تر بەڵگەنامە و دەرەجە «توانایەکی کۆمەڵایەتی» مسۆگەر دەکات و هەڵگرەکەی دەکات بە خاوەن پرستیژێکی کۆمەڵایەتی. بۆیە یەکەی شیاو (Credential) مسۆگەری هەم ڕەهەندی تێکنیکیە، هەم ڕەهەندی کۆمەڵایەتی. ئارگیۆمێنتی  (Bourdieu,

(19 : 1996 ڕێک لێرەدایە، کە ئەم دووانە لێک جودا نەکراوون و سەرمایەی کولتووری هەردوو ئەم ڕەهەندانە دەگرێتەوە.

ئەم خاڵە دەمانگەیەنێت بە «جیاکاری» کە چەمکێکی دەوڵەمەندە بۆ شیکردنەوەی ڕووە هێماییەکانی بنەمای چینایەتی و ململانێی چینەکان. ڕوجێر برۆباکر (Rogers Brubaker) پێیوایە ئەم چەمکە بۆ بەستنەوەی ڕوانگەی ڤیبەر و مارکسە بە یەکتر بە شیکردنەوەی چینەکان لە سەر بنەمای پێگەی گروپەکان. شیکاری جیاکاری بە تێگەی ڤیبەری «بەستایلکردنی ژیان» وەک تایبەتمەندی پێگەی گروپ دەستپێدەکات، کە پێگەی گروپی جیاواز نییە لە جۆرە جیاوازەکانی گروپی چینایەتی. لێرە سەرنج لەسەر دۆخە دەرەکییەکانی بوون نییە، بەڵکو لەسەر دۆخە هاوبەشەکان و پراکتیکە «هارمۆنیکراوە بابەتییەکان» دەوەستێتەوە، کە لەلایەن ئەوانیترەوە وەک نیشانە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەمەندی بە ئەرێنی یان نەرێنی دەبینرێتەوە و ڕۆڵ دەگێڕێت لە ڕەواکردنی نەزمێکی کۆمەڵایەتیدا. جیاکاری چوار ئاستی شیکاری دەگرێتەوە. یەکەمیان بریتیە لە: کۆی ئەو کلتوور و نەریتانەی بەرکارهێنان و بەرخۆری (Consumption)، چالاکیەکانی کاتبەسەربردن (Leisure time)، ئارەزو بۆ بەرهەمی هونەری، خواردن، و ڕازانەوەی ماڵ؛ ئەو شتەی، کە ناوی ستایلی ژیانی لێ دەنرێت. بۆنموونە دەزانین لە فەڕانسا چینی کرێکار حەزیان لە خواردنی ماسی نییە؛ خواردنێکی هەستیارە و بەتەواوی سک پڕ ناکات، دەبێت بە ئیحتیاتەوە بخورێت؛ تیکەی بچووکی لێ بدرێت، بە ددانی پێشەوە بخورێت؛ ئەمە بەتەواوی لەگەڵ ستایلی خواردنی ئەم چینە ناکۆکە، کە دەبێت تیکە گەورە و پڕدەم بێت بۆ ئەوەی بەش ئەو کارە تاقەتپڕووکێنانە بکات، کە کەسێک ڕۆژانە دەیکات. چینی ناوەڕاست حەزی لە ژیمناستیکە بۆ منداڵەکانی و چینی باڵایش حەزی لە شاخەوانییە. دووەم ئاستی شیکاری بریتییە لە هاوسەنگی لە بژاردەکانی بوارە جیاوازەکانی چالاکی، کە ستایلی ژیان جیاواز دەکاتەوە؛ ئەوەی پاساوی ستایلی ژیان دێنێتەوە. چینی وردە بورژوا حەزێکی زۆری هەیە بۆ دیسیپلینی توندوتۆڵ، پاساخوازی، دژوارژینی و کۆکردنەوە لە هەموو ئاستەکاندا. (Schubert, 2014: 183) چینی بۆرژوا لەبەر ئەو متمانەی، کە هەیەتی لە پەیوەندی بە خود و دونیادا، ئاسانژینە، ئازادە، بەڕەحمە، و سروشتییە. ئاستی سێیەم بریتییە لەو جیاوازیانە لە دۆخەکانی بووندا، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەوەی کە ئاستە جیاوازەکانی «مەودای پێوویست» دەستنیشان دەکات. چینی بۆرژوا حەزێکی زۆر بە هونەر پیشان دەدات چونکە پیشاندەری مەودای ئەم چینەیە لە پێوویستی ئابووری و شتە پێوویستە پراکتیکیەکان؛ ئەم مەودایە لە چینی کرێکاردا بەدی ناکرێت. ئاستی کۆتایی لە قەبارە و ڕێژەی «سەرمایە»یە، کە دەکاتە کۆی ئەو

سەرچاوە و دەسەڵاتانەی، کە دەتوانن بەکار بێن؛ گرنگترینیان سەرمایەی ئابووری و کولتوورییە (Bourdieu, 1984 : 376).

## ٣-٢ نەستی چینایەتیی پەروەردە لە کوردستان و هابیتوسدا:

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری پەیوەندی نێوان هابیتوس، وەکو ئامرازێکی چەمکی و بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدەین ئەم چەمکە زیاتر شی بکەینەوە؛ ئەم خاڵە گرنگە، چونکە هەم ڕووە هێماییەکانی پەیوەندی پەروەردە و چینایەتی دەردەخات، هەمیش بۆمان ڕووندەکاتەوە، ئەم جۆرە پەیوەندییانە، چۆن نەستیانە کرداری مرۆڤەکان دەنووسنەوە. ناوەڕۆکی هابیتوس لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیبووندا شکڵدەگرێت، نە وەک تەنها ڕوویەکی تایبەت لە دانایی و پراکتیکدا، بەڵکو وەک بنەمای دروستکەر لەڕووی ئاوەزی و فیزیکیەوە، کە لە دۆخێکی تایبەتدا دەبێت بە وەڵام بۆ پرسەکان، بۆیە لە کۆتاییدا بۆ بۆردیۆ هابیتووس و سەرمایە دروستکەری هەموو پراکتیکەکانن (Bourdieu, 1984 : 227):

(<هابیتوس> <سەرمایە>) + دۆخ = پراکتیک

هەموو ئەم پرۆسانە دەکرێت لە ساتێکدا وەک مەودا دانانێک (A position taking) ببینرێتەوە، کە لە نێوان چینەکاندا ڕوو دەدات. گرین فێڵد و هاردی ( Michael Grenfell and Cheryl Hardy) پێیانوایە، کە هەموو ئەم کارانەی بۆردیۆ پێچەوانەی تیۆری کانتە بۆ جوانناسی، ئەوەی، کە ناوی لەپێشینەی باڵای جوانناسییە (Grenfell and Hardy, 2007, 61-62)هابیتوس کۆمەڵایەتییانە ناوەندگیرکراوە و بە سیستەمی فێرکاری بەرجەستە کراوە و لە خێزانەوە بۆ قوتابخانە؛ لە قوتابخانەوە بۆ کار و لە کارەوە بۆ کولتوور گەشەدەسێنێت (کارسینتی، ٢٠١١: ٨٣). هابیتوس بەمشێوە لەسەر بنەمای چین- ناوەندی تاک دەنووسێتەوە. جەستەی عادەتپێدراو، جەستەی بەرجەستەکراوی مێژووییە. جەستە قوورسە بە مێژوو و لەژێر فۆرمی مێژووی کۆمەڵایەتی گەشەدەسێنێت. هابیتوس سیستەمێکی ناهۆشیارانە لە هزر و تێگەیشتنە، کە دەکەوێتە نێوان بنەما و پراکتیک (Bourdieu, 1973 : 72). هابیتۆس ڕۆڵ دەبینێت لە بەرهەمهێنانەوەی باندەستی کۆمەڵایەتی و کولتووری، چونکە ئەو هزر و کردانە، کە بەرهەمدێنەوە دەبێت ڕێک بن لەگەڵ ڕێسا بابەتییەکاندا. هەرچەند خێزان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە شکڵدان و سەرپێخستنی هابیتۆسی تاکەکەسێکدا، بەڵام ئەوە زیاتر دامەزراوەی پەروەردەیی وڵاتێکە کە هۆشیارانە ئەم ئەرکە ناهۆشیارانەیە بەئەنجامدەگەیەنێت. قوتابخانە کارکردی گواستنەوەی نەریتی گشتی بۆ تاکێک و بۆ نەستی گشتی لە ئەستۆ دەگرێت ( Bourdieu, 1969 : 118). خێزان لەو پرۆسەیەدا تەنها تەواوکەرە و وەک یارمەتیدەرێک ڕۆڵ دەبینێت.

هابیتوس بەرهەمی ژینگە یان دۆخەکانی بوونە و لەنێوان خێزانەکاندا ئامادەیی هەیە لە شێوازی وانە ئاکارییەکان، تابۆکان، نیگەرانییەکان، یاساکانی هەڵسوکەوت و هەستەکان. هابیتۆس گرفتە نێوان- بەرەییەکان (Intergenerational) ڕێکدەخاتەوە (Bourdieu, 1973 : 66). لەسەر ئەم تێگەیشنەیە، کە پرسی سەرەکی ئێمە ئەمڕۆ بووە بە پرسی پەروەردە لە کوردستان. چونکە هەموو بینیوە و چاودێریەکانمان ئەمڕۆ ئەوەمان پێ دەسەلمێنن، کە لە پەروەردەدا خێزانەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەماوە لە کوردستان و هەموو قورساییەکە کەوتووتە سەر کەرتی پەروەردە.

بەگشتی پەیوەندیەکی قووڵ هەیە لە نێوان ئەزموونی خوێندنی باڵای دایباب و خێزان لە لایەک و ئەزموونی منداڵ لەلایەکی تر. واتە خوێندن لە زانکۆ بژاردەی منداڵ نییە لە نێوان ڕۆیشتن و نەڕۆیشتن بۆ زانکۆدا. منداڵ دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی خۆبەخۆ خۆی لە زانکۆدا دەبینێتەوە، چونکە دایک و باوک و کەس و کاری هەموویان هەر بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆیشتوون. لە کوردستان ئەمە هەر لەسەر هەمان میکانیزمە؛ منداڵ لە چینی ناوەڕاستێکەوە دێت، کە دایک و باوکی زانکۆیان بینیوە یان ئەگەریش نەیانبینیبێت وەک حەسرەتێک بۆیان ماوەتەوە. سیستەمی پەروەردە بە گشتی وەک کارکردی بەرهەمهێنانەوە سێ ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕێت. **یەکەم،** هێشتنەوە و ڕاگرتنی میراتێکی کولتووری، ئەمە کارکردی ناوەکی و هەرە گرنگی ئەم سیستەمەیە. قوتابخانە نەک تەنها ڕۆڵی گواستنەوەی توانست و مەعریفەی تەکنیکی دەگێڕێت، بەڵکو ئەرکی کۆمەڵایەتیکردنیشی، وەک نەریتێکی تایبەتی کولتووری لە ئەستۆدایە، هاوشێوەی کڵێسای کاتۆلیک، قوتابخانە دامەزراوەیەکە، بۆ ڕاگرتن، گواستنەوە و بەرجەستەکردنی کانونێکی کولتووری لە کۆمەڵگادا گەشەی سەندووە. ڕۆڵی **دووەم** زیاتر دەرەکییە؛ ئەم کارکردە بریتییە لە پتەوکردنی ئەو دابەشکردنە نایەکسانەی سەرمایەی کولتووری. بەڵام سیستەمی پەروەردە کارکردی **سێیەمیشی** هەیە، کە بریتییە لە ڕەواییدان ( Bourdieu & Passeron, 1990 : 77-210). بەڵام بەپێچەوانەی تێگەیشتنی زۆر کەس، ئەم تێزە بە واتای ئەوە نییە، کە دەوڵەت ڕۆڵی هەیە لەم بەرهەمهێنانەوەیەدا و بە پێچەوانەی قوتابخانەی مارکسیستی و کارکردی دەبێت، جۆرێک لە «ئۆتۆنۆمی ڕێژەیی» دابنرێت بۆ ئەو پەیوەندییەی لە نێوان سیستەمی پەروەردە و بازاڕدا هەیە (Swartz, 1997: 191). یارمەتی دایباب بۆ منداڵ لەو ئەرکانەیە، کە لای بۆردیۆ واتایەکی گرنگی هەیە، لە بەستێنی کوردستاندا دەبێتە ئەو مامۆستا تایبەتانەی، کە دایباب دایاندەمەزرێنن بۆ منداڵەکانیان. ئەم خاڵە یەک لەو خاڵانەی ترە، کە تایبەتمەندی پەروەردە لە کوردستان نیشاندەدات؛ هەموو نموونەکانمان لە زانکۆی ئەمریکی و بەشێک لە نموونەکان لە زانکۆی سلێمانی ئەمەمان پێدەسەلمێنن. بۆ نموونە شامیر لە زانکی ئەمریکی بەشی ئەندازیاری شارستانی، دەڵێت: هەموو هاوپۆلەکانمان مامۆستای تایبەتمان بە

خۆوە بینیوە. پرژە لە هەمان زانکۆ دەڵێت: "باوکم پارەی سەیارەیەکی داوە بە مامۆستای تایبەت بۆم".

## ٤-٢ ڕەخنەی ڕادیکاڵ یان ڕیفۆرم

وەک ڕیایی دەڵێت: ڕووی نەستیانە و پێش- تێرامانی تاکی بۆردیۆیی زۆر بەهێزە (Reay, 2010: 82) . مرۆڤی بۆردیۆیی، مرۆڤێکە، کە هەموو کردەکانی لە نەستدا شکڵیانگرتووە و هیچ جێگایەک بۆ تێرامان و بەخۆداچوونەوە نەماوە. لیزا ئەدکینز (Lisa Adkins) بە وەرگرتنی نموونەی ژن لە سەردەمی مۆدێرندا پێیوایە هابیتوس و سەرمایەی کولتووری چەمگەلێکن، کە هەندێ تایبەتمەندی تاکی سەردەم بە لاواز نیشاندەدەن :Adkins, 2005) 191). نەریتی خۆدروستکردن (Self-fashioning) لە ناو تاکی مۆدێرندا بەهێزە و ئیمکانی ئازادی دەڕەخسێنێت  و بە جۆرێک خاوکەرەوەی دۆخە ناچارکەرانەکەی کۆمەڵایەتییە. هەر لەسەر ئەم بەڵگەیە ئەدکینز پێیوایە ژنان وەک پیاوان لە چاخی مۆدێرندا خاوەن بەهرەیەکی ترن، کە تێڕامان (Reflexivity) و پێداچوونەوەیە بەو دۆخە کولتوورییەی، کە تێیدا گەورە کراوون؛ ئەمە هەموو کات ڕوانینێکی ڕەخنەیی دروست دەکات بۆ تاک بەرانبەر هابیتوسەکەی. بۆیە تاک وەها نییە، کە هەموو کات هەڵگرێکی ناهۆشیاری بەستێنە کولتوورییەکەی بێت. زیاد لەمانە، وەک بەشیک لە سیستەمی بژاردە ستراتێژیکەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەتەواوی لە خەملاندنی ساردداا کورت ناکرێنەوە، کە ئێمە وەک خاڵی ناوەندی هەموو چالاکییەکانمان وینای بکەین (Cheleen, 2020: 112). ڕیید داناهای پێیوایە بەپێچەوانەی ئەو شتەی، کە بۆردیۆ بۆ خۆی لە پێشەکی ئینگلیزی جیاکاریدا بانگەشەی بۆ دەکات توێژینەوەکانی لەسەر پەروەردە لە وڵاتانی دیکە دەبێت بە ئیحتیاتەوە پەیڕە بکرێت (Reed, 2005: 39). هەرچەند ڕیید کۆی بەڵگەداری بۆردیۆی لەسەر پەیوەندی کەرتی پەروەردە و سیاسەت و کولتووریش قەبووڵە، بەڵام پێیوایە لە شوێنی تر بۆردیۆ بە ئاسانی پەیڕەو ناکرێت. ڕیید لەگەڵ بۆردیۆ هاوڕایە، کە بۆ ناسینی سیستەمی دەسەڵات لە وڵاتێک دەبێت سەرەتا کەرتی پەروەردە بناسێت. سەرەڕای ئەمە ڕیید بەڵگەکانی بۆردیۆ تەنها لەسەر فەڕانسا و جەزاییر بە بێگرفت دەزانێت و پێیوایە سەرەڕای ئەوەی، کە دەتوانین بیرۆکەکانی بەهەند وەربگرین، بەڵام نابێت تایبەتمەندییەکانی سیستەمی پەروەردە لە وڵاتانی تر پشتگوێ بخەین. پێویستە بگوترێت، کە لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی (پێش زانکۆ) و خوێندنی زانکۆیی. ئەو پەیوەندییە چینایەتییە، کە لەگەڵ زانکۆ باش و تۆکمەکان بەدی دەکرێت لەگەڵ قوتابخانەکانیش دەبینرێتەوە. واتە چینی باڵا هەمان هەوڵیداوە، کە خوێندنی منداڵەکانی لە خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیدا لە خوێندنی جەماوەری، دیموکراتیکی حوکومیانە جیابکاتەوە. ئەمە یەکەم جۆری هاوشێوەییە، کە بەدی

دەکرێت. بەڵام دووەم شێوە بەردەوامی نێوان ئەم دوو قۆناغەیە؛ چینی باڵا قوتابخانەی تایبەتی تۆکمە بۆ منداڵەکانی فەراهەم دەکات. بەڵام هەر هەمان منداڵ خۆی لە زانکۆ باشەکانیشدا دەبینێتەوە. ویێب، شیراتۆ و داناهێر ( and Geoff Danaher Jen Webb, Tony Schirato ) بە جوانی ئەم پەیوەندییە پیشان دەدەن لەگەڵ زانکۆ بەناوبانگەکانی دونیا وەک ئۆکسفۆرد، یەل و هارڤارد (Webb el at, 2002: 182).

دەبێت ئەوە قەبووڵ بکرێت، کە هەرچەند بۆردیۆ پێشڕەوە لە نیشاندانی ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان سیستەمی پەروەردە و نایەکسانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە، کە سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن بەتاڵە لە هەرجۆرە شایستەسالارییەک. تەنانەت، بۆردیۆ پێیوایە کە سیستەمی پەروەردە و چینی کۆمەڵایەتی دوو شتی جیاوازن و هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لە نێوانیاندا نییە (Swartz, 1997: 192). بۆردیۆ بەگوومانەوە دەڕوانێتە چەمکی «قوتابخانەی ڕزگارکەری» ژاکۆبیەنی بە ئامانجی بەدیهێنانی هەلی یەکسان و ئیمکانی ڕەها. هەوڵی بۆردیۆ لەسەر پەروەردە ڕەخنەی ڕادیکاڵ نییە بە واتای وەڵاوەنانی پەروەردەی مۆدێرنی دیموکراتیک. گرینفێل بەجوانی نیشاندەدات، کە کۆمەڵناسی پەروەردەیی بۆردیۆ و پاسێرۆن و کەسانی وەک کاستێلیش هەر بە ئامانجی یەکسانکردنی بەختەکانە بۆ تاک، چونکە پەروەردەی دیموکراتیکی مۆدێرن لە یەک کاتدا هەم دژی سیستەمی نەریتی بەرهەمهێنانی نوخبەیە، کە لە هەموو کاتەکاندا لەسەر «پێگەی کۆمەڵایەتی لەدایکبوون» وەستاوەتەوە، بەڵام ئەم پەروەردەیە هەر دژی بەرهەمهێنانی پسپۆڕی تێکنۆکراتە، کە بەتاڵ بێت لەهەموو ڕۆحێکی جەماوەریان (Grenfell, 205: 59). هاگس و بلاکستێر پێیانوایە، کە تیۆری سەرمایەی کولتووری ئیمکانێک دەخولقێنێت بۆ بینینەوەی پەیوەندی ماددی و کولتووری؛ لەسەر ئەم بنەمایە ڕێچکەی گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕووناکتر دەنوێنێت لەوەی، کە چۆن نادادپەوەری دووپات دەبێتەوە. هەرچەند ئەمان پێیان وایە ئەم ڕووناکیبەخشییە بۆردیۆییە بۆ حاڵەتی ژنان کەمتر بەکەڵکە، بەتایبەت ئەو کاتەی، کە باسی ئەو کارە بێمووچانە دەکرێت، کە ژنان دەیکەن و بەتەواوی گرێدراوی سەرمایەی کولتوورییە (Christina and Blaxter, 2007: 103). پێچەوانەی ڕیایی و ئەدکینز، کارۆل ستەیباڵ پێیوایە: تیۆری کۆمەڵناسانەی بۆردیۆ بۆخۆی ڕاستکردنەوەیەکی پێوویست پێشکەش دەکات و نەبوونی خود-تێڕامانی وەک ڕۆشنگەریەکی ڕەخنەییانە فەراهەم دەکات، بەجۆرێک تاک دەخاتە بەردەم دووڕیانی لادان یان بەردەوامیدان بە پارادایمی زاڵ. ستەیباڵ توێژینەوەی میدیاکان بە باشترین شوێن بۆ سەلماندنی ئەمە دەبینێت (Stabile, 2000: 44). لە کوردستان، ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە، کە دیمۆکراتیزەکردنێکی ڕووت و ڕەهای پەروەردە بە ئامانجی فەراهەمکردنی ئیمکان بۆ هەمووان کافی نەبووە. لەگەڵ داخوازی

بۆ یەکسانی هەلەکان، دەبێت بونیادگەلێکی عەقڵانی فێرخوازیانەیش دابمەزرێت بە مەبەستی خاوکردنەوەی کاریگەریی فاکتەرە کۆمەڵایەتی-کولتوورییەکان لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانە.

### 3- مەیدان و میتۆدی توێژینەوە

#### 3-1 میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندێتیە و میتۆدی بەکار هاتوو لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاریە، هەروەها میتۆدی بەراوردکاری بەکار هێنراوە بۆ دەرخستنی جیاوازییەکان، بۆئەوەی بەرچاوتر دەرکەون. لەم میتۆدەدا بە جێگای بەراوردکاری کەیس- ناوەندی، میتۆدی بگۆڕ-ناوەندیمان لە بەراوردەکاندا بەکارهێناوە؛ چونکە ئامانج تەنها هەڵسەنگاندن و بەراوردی بگۆرە (Variables) کاریگەرەکان بووە لەسەر پرسی پەیوەندی پەروەردە و نایەکسانی کۆمەڵایەتی (Della, 2008: 206).

#### ٣-٢ کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە خوێندکارانی زانکۆیە، بەو پێیەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان بە گشتی دەکرێت دابەش بکرێت بۆ دوو بەش؛ خوێندنی کەرتی گشتی، کە تێچووی خوێندن بە گشتی لە ئەستۆی حکومەتە. زانکۆکانی ئەم کەرتە بریتیین لە زانکۆکانی سلێمانی، سەلاحەددین، دهۆک، پزیشکی سلێمانی، هەولێر، پۆلیتەکنیکی سلێمانی و هەولێر، سۆران، کۆیە، گەرمیان، چەرموو، ڕاپەڕین و زاخۆ. کەرتی تایبەتی خوێندنی باڵایش بریتییە لەو زانکۆیانەی، کە بە زۆری تێچووی خوێندن لەسەر خوێندکار خۆیەتی و زانکۆ گرنگەکانی بریتین لە قەیوان، جیهان، تیشک، گەشەپێدانی مرۆیی، کۆمار، فەرانسی-لوبنانی. جگە لە کرێی خوێندن، لە ڕووی پرس و گرفتی توێژینەوە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو دەستە زانکۆیەدا بەدی ناکرێت. بەڵام جیاوازی گرنگ و بەرچاو لە نێوان ئەم دوو دەستە زانکۆیە لە لایەک و سێ زانکۆی کەرتی تایبەت لە لایەکی ترە. ئەم سێ زانکۆیە بریتیین لە زانکۆی کوردستان- هەولێر، زانکۆی ئەمریکی سلێمانی و زانکۆی ئەمریکی دهۆک. دواتر دەبینین، کە لە زۆر پێوەردا ئەم سێ زانکۆیە جیاوازن لە کۆی زانکۆکانی هەرێم و دەرکەوتەکانیان نیشاندەری پەیوەندیەکی ئاڵۆز و توندوتۆڵی پەروەردە و نایەکسانی کۆمەڵایەتیین. لەم توێژینەوەدا زانکۆی ئەمریکی-سلێمانی بە نموونە وەردەگیرێت، بەڵام هەوڵدەدرێت، کە ئەم دەرکەوتنەیش لە زانکۆی سلێمانی بپێورێت، بەتایبەت لەو ڕووەوە، کە پێویستە بزانرێت، کە خەڵک چۆن ئەو زانکۆیە دەبینن؛ بۆ ئەم مەبەستە (١٠) خوێندکار وەک نموونە لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی وەرگیراون.

### ٣-٣ ئامرازی توێژینەوەکە:

ئامرازی چاوپێکەوتن بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە نمونەی توێژینەوەکە، بەر لە دەستپێکی چاوپێکەوتن ڕەزامەندی لە خوێندکارەکان وەرگیراوە، کە وەڵامەکانیان لە توێژینەوەی زانستیدا بەکاردەهێنرێت، وە تێکرای ئەو ناوانەی بەکار هاتوون لە توێژینەوەکەدا خوازراون، لەپێناو پاراستنی کەسێتی و تایبەتمەندی لێتوێژراوەوەن، هەروەها هەوڵدراوە لە میتۆدی شاهێدیوەرگرتنی (ئیتنۆگرافی) مرۆڤناسانە کەڵک وەربگیرێت بۆ وەسفی جۆری هەست و حەزی خوێندکارانی هەردوو زانکۆکە. ئەم بەشە زیاتر لەسەر جۆری خواردن ، مۆسیقا و پۆشاکی خوێندکارانی هەردوو زانکۆکە چڕبۆتەوە. بەڵام جگە لەم دوو ڕێڕەوە میتۆدیانە هەوڵدراوە شیکاری ناوەڕۆکی سایتی هەردوو جۆری زانکۆکە لەڕووی ئامانج و ئاسۆی خوێندن لای ئەوان بخرێتە ڕوو.

### ٣-٤ جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

بۆ جێبەجێکردنی ئامراز و میتۆدەکانی توێژینەوەکە شێوازی ئاوێتە بەکارهێنراوە، بەو مەبەستە خراونەتە پاڵ یەک تاکو بتوانرێت وێنەیەکی تاڕادەیەک تەواو لەو پەیوەندییە پێشکەش بکرێت، کە لە نێوان سیستەمی پەروەردە و نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا هەیە. ئامانج لە کۆی ئەم ڕێڕەوانە بەرجەستەکردنی ئەو هێمایانەبووە، کە لای هەردوولا دیارن و گوزارشتن لەم پەیوەندییە.

### ٤- ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

### ٤-١ خستنەڕوو و شیکردنەوەی داتاکان:

تیۆری بۆردیۆ لێوانلێوە لە هێماکان، چونکە هێماکان لەسەر بەهاگەلێک وەستاونەتەوە، کە ئەمان بۆخۆیان لە پەیوەندییە بنەماییەکان هەڵدەقولێن. ئەم هێمایانە فرەلکن و لە پەیوەندییەکی تۆڕئامێزدا پێکەوە گرێدراوون و لە ئاستی خواروو و سەروودا لەسەر هەمان پرەنسیپ دەجولێن (گرینفیل و جەیمز، ١٩٩٨؛ ٢٥). بۆیە سەرەکیترین خاڵ دۆزینەوەی ئەو هێمایانەیە، کە دەتوانێت پەروەردەی نوێ لە کوردستان نیشانبدات. وەک کارل ماتۆن (Karl Maton) دەڵێت پرسی سەرەکی لای بۆردیۆ چارەسەری ئەو گرفتەیە، کە چۆن ڕەفتاری مرۆیی دەتوانێت بەرهەم بێتەوە، بێ ئەوەی کە بەرهەمی ملکەچی بێت بۆ ڕێساکان؟ چۆن «دەرەکی» کۆمەڵایەتی لەگەڵ «ناوەکی» خود بە یەکتر شکڵ دەبەخشن (Maton, 2008: 50) چۆن دەکرێت بنەمای کۆمەڵایەتی و تاکی بڕیاردەر پێکەوە ئاشت ببنەوە؟ بۆیە هابیتووس هەموو کاتێک دوو ڕووی ئەزموونیانە و کۆمەڵایەتی هەیە. ئەزموونیانەیە، چونکە زۆربەی کاتەکان هەست دەکەین، کە

تاکی ئازادین و لە بڕیارە ڕۆژەڤیانەکانمان کاراکتەر، ڕەفتار و ڕوانگەی پێشبینیکراو دەردەخەین. کۆمەڵایەتیشە چونکە پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای یاسا و ڕێساکانەوە بەستێنی ئەو ئەزموونانە دەرەخسێنن(Reay, 2010: 76) ، بۆیە لە نموونەی هابیتوسی چینەکاندا ئەوە لە ژیانی تاکەکەسی کەسەکاندایە، کە بەڵگەی ئەم پەیوەندیانە دەردەکەون؛ ئەمە میتۆدی بۆردیۆ لە جیاکارییە. واتە پشتبەستن بە زانیارییە چەندێتی و چۆنێتییەکان لەبەر ئەوەیە، کە هابیتوس لەڕێگای توێژینەوەی چەندێتی سادەی توێژینەوەی مەیدانی نابینرێتەوە. لەبەر ئەمە تێکەڵێک لە داتای پەیوەندیدار لە ئارەزووی خواردن، مۆسیقا، هونەر، هتد. ڕیز بکرێن. بۆیە ئێمەیش هاوکات هەردووکیان پەیڕەو دەکەین، تەنها بەمەبەستی خستنەڕووی ڕووە هێماییەکانی ئەم پەیوەندییە پەروەردەیی و چینایەتییەیە.

کۆی ئەم تێبینیانە سەرەتا بە ڕوونکردنەوەیەکی خێرای پەیوەندی نێوان پەروەردە و نایەکسانی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات. بۆ تێگەیشتن لەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی، کە لە نێوان کەرتی پەروەردە و نایەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە، پێویستە میکانیزمی یەکلاکەرەوەی ئەو پەیوەندییە نیشان بدرێت. ئەم مێکانیزمە بە چەمکێکی بۆردیۆیی بە ناو «توندوتیژی هێمایی» شیدەکرێتەوە. لەم ساتەدا میکانیزمی سەرەکی هێماییانەی توندوتیژیی پەروەردەیی بە ئاوڕدانەوەیەک لە پێگەی زمانی ئینگلیزی لە کوردستان دەخرێتە ڕوو و نیشان دەدرێت، کە زمانی ئینگلیزی زۆرترە لە زمانێکی نێودەوڵەتی زانستی، کولتووری. لەگەڵ ئەمەشدا، چەمکێکی تری بۆردیۆ دەخرێتە ڕوو، کە چەمکی سەرمایەی کولتوورییە، بۆ ئەوەی نیشان بدرێت، کە تێگەیشتن لەم چەمکە چەندە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە واقعی ئەمڕۆی کوردستان. ئەم چەمکە بە ئاوڕدانەوەیەک لە چەمکێکی تری بۆردیۆیی بەردەوام دەبێت، کە ناوی هابیتوسە. بۆ تەواوکردنی بابەتەکە، ئاوڕێکی ڕەخنەیی لە تیۆری بۆردیۆ دەدرێت و هەوڵدەدرێت نیشان بدرێت، کە چۆن ئەم تیۆرە لە کوردستان ڕوونکەرەوەی ڕاستییەکانە و چەندەیش دەبێت بە گومانەوە لێی بڕوانرێت.

ئەم بە سروشتیکردنە لە کۆی چاوپێکەوتنەکاندا بەدی دەکرێت؛ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، پێیان وایە: زانکۆی لەوجۆرە (ئەمریکی) بۆ ئەوان نییە.

بەرهەم خوێندکاری قۆناغی چواری بەشی ئینگلیزی دەڵێت:

**"تەنانەت کەسی وەک ئێمەیش بەڕێکەوت بڕواتە زانکۆی وەها، هەر ناتوانێت جێگای خۆی ببینێتەوە. من ئامۆزایەکم لە کۆتای خێزانی پێشمەرگە کورسیەکی پێدرا، دوای ساڵێک هەر لێی گەڕا"**

ئەم ڕوانینە تەنانەت بە ڕوونی لە پەیڕەو و پڕۆگرامی ئەم زانکۆیەدا هاتووە و وەک ئامانجی سەرەکی خوێندن و لە یەکەم ڕستەی «ئامانجی» زانکۆدا، «سەرکردایەتی نیشتیمانی و پرۆفیشناڵی» دیاری کراوە بڕوانە (auis: mission-and-values ) ئاسۆ گەیشتنە بە پیشەی سەرکەوتوو. لە یەکێک لە ڕیکلامەکاندا، کە زانکۆی ئەمریکی لە سەر لاپەڕەی سەرەکی وێبسایتەکەی بۆ چەندین مانگە دایناوە ئەو بانگەشەیە دەکات، کە لای ئێمە خەون دەبێت بە ڕاستی؛ خوێندن لە زانکۆی هارڤارد بۆ دەرچووی زانکۆی تر خەونە، بەڵام دەرچووی زانکۆی ئەمریکی ڕاستییە بۆی (auisofficial YouTube channel ) . لاپەڕەی سەرەکی ئینستاگرامی زانکۆکە وێنەی سەرکردە سیاسییە کورد و عێراقییەکانە: بەرهەم ساڵح، نێچیرڤان بارزانی، قوباد تاڵەبانی، حەیدەر عەبادی. لە کۆتایی لاپەڕەکەدا وێنەی تویژەر و مامۆستای زانکۆ دانراوە. لاپەڕەی فەرمی فەیسبووکی زانکۆ لێوانلێوە لە وتە، وێنە و گووتاری سەرکردە سیاسییەکان. ئەم ڕێژەیە لە سەدا هەشتا زیاترە بۆ هەموو ئەو پۆستانەی، کە زانکۆی ئەمریکی لە مانگەکانی (٣ و ٤)ی زایینی ٢٠٢٣دا شەیری کردووە. ئەگەر هەر ئەم بگۆڕانە لە زانکۆی سلێمانی بپێووین دەبینین، کە ئامانج و ئاسۆی خوێندن دیموکراتیکە و بە ڕوونی ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەمووان و گەشەسەندنی گشتی بە ئامانج وەردەگیرێت ( univsul mission and vision). لە لاپەڕەی سەرەکی سایتی زانکۆ و لە لاپەڕەی فەیسبووکەکەیش شتەکان پێچەوانەی زانکۆی ئەمریکین؛ هەر لە دوو مانگی ئاماژەپێدراودا هیچ پۆستێک نەکراوە، کە ئاماژەیەک بێت بە نوخبەخوازی ئەم زانکۆیە. جگە لە وێنەی سەرۆکی زانکۆ، وێنەی هیچ بەرپرس و سەرکردەیەک بوونی نییە؛ لاپەڕەکان تەرخان کراوون بە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریەکان.

توندوتیژی هێمایی (Symbolic violence) لەهەر شوێنێک پەیڕەو دەکرێت، کە دەسەڵات (Power) واتایەک دەسەپێنێت و دواتر وەک واتای ڕەوا (Legitimate )، پەیوەندیگەلێکی پەیوەندیدار بە دەسەڵاتەوە دەشارێتەوە، کە بناغەن بۆ ئەم واتا سەپێندراوە. لەسەر ئەم بنەمایە، فێرخوازی (Pedagogy) لە هەموو شێوە و ڕووەکانیدا، لە ماڵ، لە شوێنی کار، لە قوتابخانە و لە میدیاکاندا توندوتیژی هێماییە. ئەم چەمکە دەتوانرێت بەکاربێت بۆ هەر شێوەیەکی کۆمەڵایەتی، کە وەک سیستەمی دەسەڵات وەرگیراوە و پێشمەرجە بۆ چەسپاندنی پەیوەندی فێرخوازی یان سەپاندن و دانانی دادوەری کولتووری لە ڕێگا پەروەردەییەکانەوە. هیوا لە قۆناغی دووی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی دەڵێت:

**"زانکۆی ئەمریکی بۆ کەسی وەک من نییە! کە لە پۆلی دوانزە بووم لە پێشانگایەک ستاندی زانکۆی ئەمریکیم بینی، دوای تۆزێک قسە کردن؛ یەکسەر زانیم من ناتوانم خۆمیان لەگەڵ بگونجێنم ".**

ساکار خوێندکاری بەشی باخچەی ساوایان لە زانکۆی سلێمانی دەڵێت: ئەوە ڕاست نییە کە دەرگای زانکۆی ئەمریکی بۆ هەموو کەس کراوەیە:

**'ئەوە تەنها لە قسەدا ڕاستە؛ باسی کرێی خوێندن ناکەم، کە خێزانی هەژار و ناوەند پێی نادرێت. بەس تەنها تێچووی پەرتووک کرێنی ئۆریجیناڵ، حەفلە و عێدمیلاد و شتی وا بەسە بۆ ئەوەی بڵێم ئەویَ هەرگیز شوێنی من نییە'.**

شایستەیی قوتابخانەیی میکانیزمی گرنگی ئەم بەرهەمهێنانەوەی کولتووری و ڕەواییدان بە زاڵێتییەیە. لە خاڵی پێچەوانەی گووتاری سەرەوەدا خوێندکاری زانکۆی ئەمریکی بە دەستەواژەی تر ئەم ڕواییدانە دەڵێتەوە. ڕەهەند خوێندکاری زانکۆی ئەمریکی دەڵێت:

**'لای ئێمە خوێندن جیددیە، ئێمە مەجالی گاڵتەکردن، لێدان، بایکۆت و شتی وامان نییە'.**

لەو ململانێ هێماییەی، کە لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا لە ئارادایە، دانایی پراکتیکی دونیای کۆمەڵایەتی هاندەری مەیلێکە بۆ «بچووککردنەوەی» رکابەرەکان؛ لەم نێوەندەدا ئەو پرەنسیپانە، کە بە بونیادنەری دامەزراوەکان دەژمێردرێن بەئاسانی فەرامۆش دەکرێن (Bourdieu, 1988 : 14). زمان جۆرێک لە دەوڵەمەندی دروست دەکات (Bourdieu, 1991 : 43). «کۆمەڵگای زمانەوانی» بەرهەمی زاڵبوونێکی سیاسییە، کە بە بێکۆتایی لەلایەن دامەزراوەکانەوە بەرهەم دێتەوە، ئەو دامەزراوانەی، کە دەتوانن دانپیانانێکی گەردوونی بۆ زمانی زاڵ مسۆگەر بکەن (Bourdieu, 1998 : 46). پەیوەندی زمانەوانی دەسەڵات هەرگیز بەتەنها بە پێی پەیوەندی توانستە ڕووتە زمانییەکان دیاری ناکرێت. قورسایی تاکە جیاوازەکان لەم ڕووەوە بە سەرمایە هێماییەکانیانەوە بەندە، وەک ئەوەی، کە ئەو زمانە دانپیانراوە یان نە، دامەزراوەییە یان نە (Bourdieu, 1998 : 72). تێگەیشتنێکی خاوە، ئەگەر وابزانین هێزی وشەکان هەر لە خودی وشەکانەوە دێت و وشەکان دەتوانن بەدوور لە مەرجی کۆمەڵایەتی کاریگەری بنوێنن. ئەوەی زمان وەک بابەتێکی سەربەخۆ دەبینێت مەحکوومە بەوەی، کە هێزی وشەکان لە خۆیاندا ببینێتەوە و ئەوەیش مەحاڵە چونکە شوێنێک نادۆزێتەوە، کە ئاوها مەرجێکی بۆ بڕەخسێنێت (Bourdieu, 1998 : 107).

ئارگیۆمێنتی بۆردیۆ لەسەر زمان و دەسەڵاتی هێمایی بەمشێوەیەیە؛ زمانی فەرمی زاڵ بەتەواوی گرێدراوی دەوڵەتە و ئەم زاڵێتیەش تەعبیرە لە زاڵێتی ناوچەیی و چینایەتی لە شوێنێک بەسەر زمان و ناوچەکانی تردا. لەسەر ئەم بنەمایە زمانێک دەبێتە زمانی زاڵ، کە زمانی چینی زاڵە. ئەم خاڵە لە کوردستان تۆزێک جێگای تێڕامانە و دەکرێت بوترێت لەم خاڵەدا تێزی بۆردیۆیی لەسەر زانکۆی لەم شێوازە پەیڕەو ناکرێت؛ لێرە چینە زاڵەکان بەجێگای زاڵکردنی زاراوەیەکی

زمانی کوردی، زمانی ئینگلیزی هەڵدەبژێرن بۆ بەرهەمهێنانەوەی باندەستییەکەیان؛ زمانی ئینگلیزی هێمای ئەو سەردەستییەیە. ئۆتۆریتەی فێرخوازانە لەسەر گەشەپێدانی جۆرێکی تایبەت بە زمانی کوردی نییە؛ واتە ئەگەر ئاخێوەرەکان بیانەوێت شێوازێک بە زمانی کوردی ببەخشن بۆ خۆجیاکردنەوە. لێرە، خۆجیاکردنەوە لە بەکارهێنانی زمانێکی تر (ئینگلیزی) لەبەرانبەر زمانی کوردی بەکار دێت. هەموو کردەیەکی فێرخوازانە توندوتیژی هێماییە تاکوو ئەو کاتە سەپاندنی کولتوورێکی دەسەڵاتدار لەڕێگای دەسەڵاتێکی بەهێزەوە بێت (Bourdieu, 1990 : 5). توندوتیژی هێمایی یەکەمجار وەک پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی گرووپی و چینایەتی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، کە دەبێتە بنەمای دەسەڵاتی خۆسەپێنەر و هەر ئەمەیش پێشمەرجە بۆ دامەزراندنی هەرجۆرە پەیوەندییەکی فێرخوازانە (Bourdieu, 1990 : 6). ئەم پێشمەرجییە لەسەر زمانی ئینگلیزی دەوەستێتەوە. شانیا خوێندکاری قۆناغی سێی زمانی ئینگلیزییە، دەڵێت:

"هەموو کەس دەستی ناگات بەو ئینگلیزیەی، کە لە زانکۆی ئەمریکی دەوترێتەوە؛ خوێندکار لەوێ پێش هەموو شتێک دوو ساڵ فاوندەیشێن دەخوێنێت، دواتر دەست دەکات بە خوێندنی ئاسایی خۆیی. جیاوازییەکە لێرەدایە، من، کە لێرە زمانی ئینگلیزی دەخوێنێم، هەر لە قۆناغی یەکەوە دوو ساڵ لە دوای قۆناغی یەکی ئەوانەوەم، چونکە ئەو دوو ساڵی بڕیوە تا گەیشتووە بەو ئاستە".

ئەم پێشمەرجییە لەسەر چەمکی نەبوون و یان کەمبوونی کاڵایەکی کولتووری دروستدەبێت، کە زمانی ئینگلیزییە. ئەو زمانە ئینگلیزییەی، کە لەوێ دەوترێتەوە بۆ خوێندکاری کەرتی گشتی وەک شتی نایاب و دانسقە دێتە بەرچاو. لە چاوپێکەوتنەکاندا چۆنێتی قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی مەرجە بۆ ئەم جیاکارییە؛ چەندین پێوەر لە قسەی خوێندکارانی زانکۆی ئەمریکی بینراوەتەوە؛ سامڕەند دەرچووی بەشی پەیوەندی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ئەمریکی دەڵێت:

**"ئەکسێنت لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا گرنگە، گرنگ ڕستە دروستکردن نییە، گرنگ ئەوەیە چۆن تۆن و ئاهەنگەکەت ڕێک دەخەیت، لە زانکۆی ئەمریکی بە باشی فێر ئەمە دەبیت و کامیۆنیکەیشێنکانت [پەیوەندیەکانت] ئاسان دەبن".**

شنیار جەخت لەسەر خاڵێکی تر دەکاتەوە: **"ئێتیکێتی قسەکردن یەکجار گرنگە، خەڵک دەناسم ئینگلیزی دەزانێت بەڵام ئێتیکێتی قسەکردنی بە ئینگلیزی نییە، قسەکانی ئەوەندە ناڕوات... خۆ هەرقسەکردن حساب نییە، چۆنێتی قسەکردن گرنگە".**

خاڵێکی تر، کە بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە بۆردیۆ ناوی «ئەریستۆکراسی کولتووری» لێ دەنێت. دیاری خوێندکارێکی قۆناغی دووی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەڵێت: "**تێگەیشتن لە کۆدە کولتووریەکانی زمانی ئینگلیزی گرنگە. سەرەتا، کە هاتمە ئێرە، تۆزێک ئینگلیزم دەزانی، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت بۆ ئەوەی بەتەواوی زاڵ بم بەسەر ئەم زمانەدا دەبێت تەعامووڵ لەگەڵ کۆدەکانی ئەم زمانەدا بکەم. ئیتر نوکتە و قسەی خۆش لە کوردیەوە ناکەم بە ئینگلیزی... نوکتە و قسەی خۆش زۆرە لە زمانی ئینگلیزی**".

سامان خوێندکاری قۆناغی دووی بەشی بازرگانی خاڵێکی ورووژاند، کە ئەم بابەتە زیاتر ڕووندەکاتەوە:

"**شێوازی قسەکردن لە پۆل گرنگە، ئێمە لە قوتابخانە قەد فێرنەکرابووین قسە بکەین، قسەکانمان یان تانەوتەشەر بوو، یان هەڵچوون بوو. لێرە زۆر شت فێربووم لە قسەکردن لە پۆلدا، هەست دەکەم متمانەم بە خۆم پەیدا کردووە، چێژ ئەبینم لە قسەکردن بە ئینگلیزی**".

لەڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنەوە سەرمایەی کولتووری لە خێزاندا کەڵەکە دەبێت و شێوەی سەرمایەدانانی کات لەخۆ دەگرێت. ئەم سەرمایەدانانەش لە قوتابخانە و زانکۆ هاوبەشدەکرێت و لەڕێگای ئەزمونێکی پەروەردەییەوە دەڕواتە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، «بازاڕی هاوسەرگیری» و بازاڕی کار. بەدڵنیاییەوە بەرهەمەکەی ئۆتۆماتیک نییە، چونکە سەرمایەی کولتووری ئەزموونێکی هەستپێنەکراوە و لە سیستەمێکی دەروونیکراودا دەردەکەوێت؛ بەرهەمی وەها بەندە بە بوونی مێکانیزمگەلێک، کە وەک چاودێر، دەستگەیشتن بە پێگە خوازراوەکان ڕێکدەخەنەوە؛ بە هەڵسەنگاندنی ئەوەی کەسێک لەم تۆڕانەدا چەندە پێگەیشتووە، بۆ نموونە ڕێژەی پەیرەوکردنی شێواز و هەڵسووکەوت. بە بڕوای بۆردیۆ یەک لەم مێکانیزمە چاودێرییانە لە فەڕانسا تاقیکردنەوەیە لە سیستەمی پەروەردەیی فەڕەنسیدا. توێژینەوە وردە مەیدانییەکان دەیسەلمێنن، کە پێوەری هەڵسەنگاندنی مامۆستاکان، بێلایەنی تێدا نییە؛ بەنسبەت پێگەی کۆمەڵایەتی خوێندکارانەوە و بەشێک لەو خەملاندنانە دەڕوات بۆ شێواز و گفت و لفتی خوێندکار، شتێک، کە زیاد لە هەر ڕوویەکی تری توانای پەروەردەیی بە سەرمایەی کولتووری و بەستێنی خێزانی بەستراوەتەوە. ئارەزووی بە خۆشەویستی و هاوسەرگیری دەروون- چینی ئەم بەڵگانەی سەرەوە پشتڕاست دەکەنەوە. لەم سیستەمەدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان ئەندامێتی لە کولتوورێکدا و بوون بە نوخبەیەکی ئابووری هەیە. ماری ماندێر پێیوایە: پێناسەی بۆردیۆ لە کولتوور لە بەردەوامی پێناسەی ڕۆسۆیە بۆ ئەم چەمکە (Mander, 1987: 448) . مەبەست لە کولتوور ئەو پێگە بەدەستهاتووەیە یان پرۆسەیەکی گەشەسەندنی ناوەکییە لە ڕێگاکانی پەروەردە و هونەرەوە. ئەم پێناسەیە دژی پێناسەی شارستانییەتە وەک پرۆسەی

دەستکرد و داهێنراو، بەجۆرێک، کە دژ بە «دۆخی سروشتی» بێت. زۆرترین بەکولتووریکراو، زۆرترین دەستکرد کراویشە. کارکردی یەکەمی کولتوور جوانکردنی چین و ڕەواکردنیەتی لە ڕێگای قوتابخانەوە، کە لە ڕواڵەتدا دیموکراتیک دەنوێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەم دێنێتەوە. قسەکردن لەسەر بەهرەدار و بێبەهرە تەنها تەعبیر و هاوواتای بەهرەداری ئابووری و کۆمەڵایەتی یان پێچەوانەکەیەتی (Bourdieu, 1968 : 609). ئەمە هەر هەمان بیرۆکەی بۆردیۆیە لە جیاکاریشدا و پێیوایە، کە ئێمە قەد ناتوانین بە لێکدانەوەی دۆخی مرۆڤناسانە لە مەیلی خەڵک بۆ دیاردەیەکی کولتووری بگەین، مەگەر ئەوەی پەیوەندی ئەو مەیلە لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بدۆزینەوە (Bourdieu, 1984 : 1)

کۆی ئەم مەرج و پێشمەرج و حەساسیەتانەیە کە دەبێتە بەردی بناغەی دەسەڵات لە هەر وڵاتێک.

دەسەڵات لە شێوەی سەرمایەی هێماییدا وەک دەسەڵات (سەپاندن) نابینرێت، بەڵکو وەک سەرچاوەی داوای ڕەوا دەبینرێت، کە لە خزمەت ئەویتردایە، جا چ ماددی بێت، وەک ئەو یارمەتییەی، کە لە کاتی کۆکردنەوەی بەرهەمێکدا پێشکەش دەکرێت؛ یان هێمایی بێت، وەک دەربڕینی ڕێز و پێزانین بۆ کەسێک و هەر ڕێک ئەم وەرگرتن یان پێشکەشکردنەیە، کە شتێک دەکات بە شێوەیەک لە دەسەڵات. دەسەڵاتی هێمایی و دەسەڵاتی ئابووری بەشێوەی دوولایەنە و بە چەندەها شێواز قابلی ئەوەن، کە هەرکامیان ببێت بە ئەوی تر؛ هەر ئەم توانای بوون بە ئەویترە، کە وا دەکات هەردووکیان وەک شێوە جیاوازەکانی یەک شت ببینرێن. بۆیە لای بۆردیۆ ئەم شتە، کە ناوی دەسەڵاتە بە کورتی ناتوانێت بۆ ئاستی دەسەڵاتی ئابووری کورت بکرێتەوە؛ ئەم دەسەڵاتە دەتوانێت ببێت بە دەسەڵات، ئەگەر بتوانێت خۆی بکات بە دەسەڵاتی هێمایی بەناوی ڕەواییدان بە شتێک. ئەمە بۆ هێزی ئابووریش وایە و ئەگەر هەر توانستێکی ئابووری نەتوانێت هێمای خۆی گەشە بدات وەک ئەو هێزە ئابووریانەی پێش سەرمایەداری دەمێنێتەوە، کە بۆ سەدان ساڵ بچووک و ناوچەیی مانەوە؛ ئەم هێماییکردنەوە بۆ ڕەواییدانە بە خود لەژێر ناوی «نییەتپاکی» یان «خزمەتی گشتی»، بۆ ئەوەی بتوانێت بەتەواوی کارا بێتەوە. چینەکان بە شێنەیی شێوەی پێگەی گرۆپی پەیدا دەکەن، کە لەسەر شێوازی جیاوازی ژیان دەوەستێتەوە و یان خۆی دەردەخات، بەڵام تەعبیر نییە لە پێگەیەکی زاڵ لەناو بنەمایەک لە دەسەڵات و ئیمتیاز. ناکۆکییە چینایەتییەکان لەسەر بنەمای هۆشیاری لە جیاوازییە سیستەماتیکەکان لە دەسەڵات و ئیمتیاز بەرەو ئەوە مەیل پەیدا دەکەن، تاوەکو بەرەو ستراتیژیگەلی کێبڕکێیی بڕۆن و لەسەر تێگەیشتن لە کۆمەڵایەتی بە ستایلی- ژیانی جیاوازن. تاکەکانیش هەر دەبێت لە کۆتاییدا ملبدەن

بە گواستنەوەی پەیوەندیی لەژێر شێوەی «سەرمایەی کولتووری»، جا هەرچەند لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگاش بن.

ئەگەر ئەم خاڵانەی سەرەوە لەسەر شێوازی ژیان لە دوو زانکۆی ناوبراو بەراوورد بکەین، دەبینین: کە لە چەندین ئاستدا مەوداکان دیار و بەرهەستن. لە ئارەزووی خواردن، مۆسیقا و جلوبەرگ. وەسفێکی مرۆڤناسانەی سادە پێویستە بۆ ئەوەی ئەو جیاوازیانە ببینرێت.

لە ڕووی خواردنەوە، مێنیۆی کافتریای زانکۆی ئەمریکی هەموو شتێکمان پێ دەڵێت. خواردنی کوردی و نزیک بە کوردی و خواردنی باوی کۆمەڵگای کوردستان بوونیان نییە، لەفە (ساندویچ) باوەکان بوونیان نییە؛ نۆکاو نییە. لە هەمووی باوتر شلەوبرنج لە ئارادا نییە. خواردنە باوەکان، جۆری فینگەرەکان، هەمبەرگرەکان، زەڵاتە جۆراوجۆرەکان، کێنتاکی، فەلافل و پیتزایە. سۆزان خوێندکاری پۆلی یەکی یاسا دەڵێت: "**شلەوبرنج بۆ ئێرە ناشێت؛ لێرە دەبێت شتێک بخەیتە بەردڵتەوە و بڕۆیتە پۆلەوە. شلەوبرنج قورسە و یەکسەر خەواڵووت دەکات**".

لە ڕووی جلوبەرگەوە، جیاوازییەکان بەرچاون؛ لە زانکۆی ئەمریکی ستایلی باو و زاڵ ڕۆژئاواییە؛ لە زانکۆی سلێمانی ئەم ستایلانە کەمتر بەرچاون. خوێندکارانی زانکۆی ئەمریکی بە شەوقەوە باسی ئارەزوویان دەکەن بۆ جلوبەرگی مارکە. ئەم حەزە لە زانکۆی سلێمانیش هەیە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر. ساکار خوێندکاری بەشی باخچەی ساوایانە، جلی مارکە بە گوناح دەزانێت و پێیوایە: سەرفکردنی پارەیەکی زۆر بۆ جلوبەرگ بەفیڕۆدانە، « لەکاتێکدا دەتوانیت نزیکەی هەمان شت بە پارەیەکی کەمتر بکڕیت»، بەڵام باڵا لە زانکۆی ئەمریکی و بەشی یاسا دەڵێت: "**حەز ئەکەم شتێک بکڕم، کە پڕاوپڕ بۆم بمێنێتەوە، جا پارە ئیتر هیچ نییە بۆ ئەمە**".

لە مۆسیقادا، خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی زۆرتر گوێ لە مۆسیقای کوردی کۆن و تازە دەگرن لەگەڵ مۆسیقای عەرەبی، فارسی و تورکی. موحەمەد خوێندکاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دەڵێت: "**جاربەجارێکیش لەگەڵ هاوڕێکانم هەر گوێ لە گۆرانی ئینگلیزی دەگرین**". کازیوە لە بەشی بیرکاری بە خۆشحاڵییەوە حەزی خۆی بۆ مۆسیقای هاوچەرخی کوردی دەردەبڕێت و دەڵێت: " **ئێستا هەموومان گوێ لە نەوید زەردی، هەردی سەلامی و سەنا بەرزنجی دەگرین**". ئەم ئارەزووە مۆسیقاییە لە زانکۆی ئەمریکی دەبێت بە شێوازێکی تر. لە کۆی هەموو چاوپێکەوتنەکاندا حەز بۆ مۆسیقای کوردی کۆن و هاوچەرخ هەیە؛ مۆسیقای ئێرانی و تورکیش هەر هەیە. بەڵام بازاڕە سەرەکیەکە لای مۆسیقای ڕۆژئاواییە. کامێران لە بەشی بازرگانی پێیوایە مۆسیقای کوردی و ڕۆژهەڵاتی ئەوەندە پێشنەکەوتووە؛ دەڵێت: "**ئەو چێژەی لە**

**مۆسیقای ڕۆژئاوایی دەبینم لەمان نابینم؛ تەنانەت من گوێ لە مۆسیقای فەڕانسی و ئیتاڵیش دەگرم، کە هیچی لێ تێناگەم".**

لە بەندی دووی جیاکاری ( بۆردیۆ، ١٩٨٤) نیشان دەدات چینی کرێکار حەزی مۆسیقاییان بە نسبەت گۆرانیەوە وەک یەک وایە. لە ناو چینی کرێکاری سادەدا میۆزیسیەنی وەک **باخ** زۆر کەم گوێی لێ دەگیرێت. بەڵام لە لای چینە باڵاکانی کۆمەڵگادا ئارەزوو بۆ لای **باخ** زیاتر دەبێت. هەر لێرە بۆردیۆ بەجوانی نیشان دەدات، کە ئارەزوو (هونەری) لەگەڵ خۆیدا لەبیێڵێکی کۆمەڵایەتیش دێنێت؛ بۆیە ئارەزوو ئامرازی جیاکارییەکی کۆمەڵایەتییە، نە حەزێکی پاکی بێپیشوەختە. لای چینی کرێکار «دانووبی شین» جەماوەری زیاددەکات، بەڵام لە لای چینی ناوەڕاست و باڵا فەرامۆش دەکرێت. بەڵام هەر لای ئەمان باخ وەک بەهایەکی نایاب بە حەزێکی «باڵا» دەژمێردرێت. سەرەڕای ئەمانە، پراکتیکێکی هونەری وەک چوون بۆ مۆزەخانە، شانۆگەری، گالێری هونەری، کۆنسێرت، خوێندنەوە، گوێگرتن لە مۆسیقایەک، هتد. لەگەڵ هەندێک شتی ماتێریالی تێکەڵدەبێت و پێکەوە سەرمایەیەکی کولتووری دروست دەکەن، وەک: دیکۆری ناو ماڵ، جلوبەرگ، وێنەونیگار، پەرتووک، کە لە خۆیاندا هەڵگری بەهایەکی هێماییشن (Bourdieu, 1984, 17). لەگەڵ ئەمانەدا تەنانەت شێوازی مرۆڤ بۆ ژیانیش لە هەموو ڕووە وردەکانییەوە دێت، وەک ئەو شتەی، کە دەیخۆین، شێوازەی لەڕێکردن، بیر و بۆچونمان، شێوازی بەکارهێنانی کەوچک و چەتاڵمان و تەنانەت لووت سڕینیشمان. لەلای بۆردیۆ سەرمایەی کولتووری بە واتای هونەری باڵای لووتبەرزانە نییە، بەڵکو ئەو توانا و لێهاتوویانەیە، کە لە دامەزراوە پەروەردەییەکان وەریدەگیرێت. تێگەی «بازاڕی پەروەردەیی» بۆردیۆ لەربارەی سیستەمی فەڕەنسی پەروەردە ئەوە دەگەیەنێت، کە بنەما فەرمییەکانی دامەزراوە پەروەردەییەکان (تایبەت یان گشتی) دەبێت بژاردە بکرێن لەناو کۆیەک ئیمکانی جیاوازکراو، چونکە هەموو ئەم دامەزراوانە لە دژی یەکتری لە کێبڕکێدان؛ لە یاریەک، کە براوە و دۆڕاوی هەیە.

### ٤-٢ دەرئەنجام :

زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە. هەر لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا لەگەڵ دوو زانکۆی تری هاوشێوەی خۆی بۆتە بەشێک لەو «ململانێی هێماییە»، کە لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات. ئەگەر دۆخی ئێستا لە کوردستان بە ململانێی نێوان چەسپاندنی دیموکراسی و لاوازکردنی دیموکراسی دابنێین، زانکۆی لەم شێوەیە، بێگومان هاندەربووە بۆ جۆرێک لە « دیموکراسی بژاردەیی»، کە تێیدا تەنها ئیمکانەکان بۆ چینێک کراوەبن. پێچەوانەی ئەم جۆرە ڕووانینە، کە بۆ ئێمە «دیموکراسی جەماوەریە» نائاشنایە بە گوێی زانکۆ تایبەتەکانی

لەم جۆرە. سێ زانکۆی کوردستان- هەولێر، ئەمریکی دهۆک و ئەمریکی سلێمانی بە ڕێچکەیەکی نوخبەیی پەروەردەییدا دەڕۆن، کە جیاوازە لە کۆی ئەو نەریتە پەروەردەییەی، کە لە زانکۆکانی تری کوردستان لە ئارادایە. ئەم نەریتە نوخبەییەی زانکۆی ئەمریکی لە چەند ڕووەوە لە نموونەی زانکۆی سلێمانی جیاوازە و لە چەند ڕووەوە جێگای تێڕامانە. زمانی ئینگلیزی هێمای توندوتیژیەیە، بۆ ئەو جیاکاریەی، کە ئەم زانکۆیە دەیەوێت بە خوێندکارانی ببەخشێت. زمانی ئینگلیزی بە چەندین هێمای کولتووری وەک: ئەکسێنت، کولتووری دەربڕین و زیادییەکانی تری ئامرازی هێمایی ئەم ململانێ هێماییانەیە. ئەم چەکە هێماییە بە چەند شتی تر پاڵپشتی دەکرێت، وەک: جۆری خواردن، جلەبەرگ، مۆسیقا و ئەوەی ئارەزو و حەزە؛ ئەوەی، کە بۆردیۆ ناوی سەرمایەی کولتووری لێدەنێت. بۆیە لێرە کولتوور ئەو هەلەیە کە وەک سەرچاوە بەکار دێت تاکوو گەیشتن بە خەلاتە نایابەکان فەراهەم بێت؛ کولتوور بابەتی قۆرخکردنە و بە ڕەچاوکردنی هەندێ دۆخ لە بەرەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەرەیەکی تر.

### سەرچاوەکان:


١- جەلال، کاوە (٢٠١٨). ڕۆڵی گەمە لە گەشەی کەسێتی منداڵدا. کولتور مەگەزین،

٢- جەلال، کاوە (٢٠٢٠). کێشەی پەرەوەردەی فێرکاری لە هەرێمی کوردستان؛ ڕەخنە و ئەلتەرناتیڤ. دەنگەکان،

٣- سەعید، فایەق (٢٠٠٤). تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار. سلێمانی: سەردەم.

٤- مەلا، ئەحمەدی (٢٠١٢). لە ڕێنێسانسی فەرەنسییەوە بۆ شکستی ڕێنێسانسی کوردی؛ لە مەعریفەی تاکڕەهەندەوە بۆ کرانەوە. سلێمانی: ئەندێشە.

٥. Adkins, Lisa (2005). [Reflexivity: Freedom or habit of gender?]. *Feminism After Bourdieu; Sociological Review Monographs*, edited by Lisa Adkins and Beverley Skeggs, London: Blackwell publishing, 191-211.

٦. Bourdieu, Pierre (1968). [Outline of a Sociological Theory of Art Perception], *International Social Science Journal,* 20(4), 589-612.

٧. Bourdieu, Pierre (1969). [Intellectual Field and Creative Project], Trans. *Social Science Information,* 8(2), 89, 1-19. by Sian Franc,

Bourdieu, Pierre (1973). [Cultural Reproduction and Social Reproduction]. *Knowledge, Education, and Cultural Change,* Edited by Tavistock, 71-112. Brown, London: Richard .٨

Bourdieu, Pierre (1977). *Outline of a Theory of Practice*. Trans. by Cambridge: Cambridge University Press. Richard Nice .٩

Bourdieu, Pierre (1984). *Distinction: A Social Critique of the Judgment of Taste*. Cambridge: Harvard University Press. .١٠

Bourdieu, Pierre (1986). [The Forms of Capital]. *Handbook of Theory and Research for the Sociology of Education,* edited by John Press, 242-258. G. Richardson, Westport, CT: Greenwood .١١

Bourdieu, Pierre (1988). *Homo Academicus*. Trans. by Peter Collier, Stanford: Stanford University Press. .١٢

Bourdieu, Pierre (1991). *Language and symbolic power*. Edited and introduced by John B. Thompson, translated by Gino Raymond and Matthew Adamson, Cambridge: polity Press. .١٣

Bourdieu, Pierre (1996). *The State Nobility.* Trans. by Lauretta C. Clough, Stanford: Stanford University Press. .١٤

Bourdieu, Pierre (2001). *Masculine Domination.* Trans. by Richard Nice, Stanford: Stanford University press. .١٥

Bourdieu, Pierre and Passeron, Jean-Claude (1990). *Reproduction in Education, Society and Culture.* Trans. By Richard Nice, London: Sage Publications. .١٦

Brubaker, Rogers (2004). [Rethinking classical theory: The sociological vision of Pierre Bourdieu]. *After Bourdieu; Influence, Critique, Elaboration,* edited by David L. Swartz and Vera L. Zolberg, Kluwer, New York: Academic Publishers, 25-65. .١٧

Cheleen, Mahar (2010). *Reinventing practice in a disenchanted world: Bourdieu and urban poverty in Oaxaca, Mexico*. Austin: University of Texas Press. .١٨

١٩. Coleman, J. S. (1988). [Social capital in the creation of human capital]. *American Journal of Sociology*, 94, 95-121.

٢٠. Della Porta, Donatella, (2008). [Comparative analysis: case-oriented versus variable-oriented research]. *Approaches and Methodologies in the Social Sciences*, Edited by Donatella della Porta and Michael Keating, Cambridge: Cambridge University press, 198-222.

٢١. Grenfell, Michael (2005). *Bourdieu, Agent Provocateur*, New York: Continuum.

٢٢. Grenfell, Michael and Hardy, Cheryl (2007). *Pierre Bourdieu and the visual arts*. New York: Oxford.

٢٣. Grenfell, Michael and James, David (1998). *Bourdieu and Education: Acts of Practical Theory*. London: Falmer Press.

٢٤. Hughes, Christina and Blaxter, Loraine (2007). [Feminist appropriations of Bourdieu: The case of social capital]. Misrecognition, Social Inequality and Social Justice: Nancy Fraser and Pierre Bourdieu, Edited by Terry Lovell, New York: Routledge, 103-126.

٢٥. Jenkins, Richard (1992). *Pierre Bourdieu.* London: Routledge.

٢٦. Karsenti, Bruno (2011). [From Marx to Bourdieu: The Limits of the Structuralism of Practice, translated by Simon Susen]. *The Legacy of Pierre Bourdieu; Critical Essays,* Edited by Simon Susen and Bryan S. Turner, London: Anthem Press, 59-91.

٢٧. Mander, Mary S. (1987). [Bourdieu, the sociology of culture and cultural studies: A critique]. *European Journal of Communication*, Vol. 2, London: Sage, 427-53.

٢٨. Maton, Karl (2008). [Habitus]. *Pierre Bourdieu: Key Concepts,* Edited by Michael Grenfell, Durham: Acumen, 49-67.

٢٩. Rathbun, Brian C. (2008). [Interviewing and qualitative field methods]. *The Oxford Handbook of Political Methodology*, edited by

Janet M. Box-Steffensmeier, Henry E. Brady, David Collier, Oxford: Oxford University Press, 685-701.

.٣٠ Reay. Diane (2010). [From the theory of practice to the practice of theory: working with Bourdieu in research in higher education choice]. *Cultural Analysis and Bourdieus Legacy: Settling Accounts and Developing Alternatives*, Edited by Elizabeth Silva and Alan Warde, London and New York: Routledge, 75-87.

.٣١ Reed-Danahay, Deborah (2005). *Locating Bourdieu,* Bloomington: Indiana University Press.

.٣٢ Schubert, J. D. (2014). Suffering/symbolic violence. In Pierre Bourdieu (pp. 179-194). Routledge.

.٣٣ Stabile, Carol A. (2000). [Resistance, Recuperation, and Reflexivity: The Limits of a Paradigm]. *Pierre Bourdieu: fieldwork in culture,* edited by Nicholas Brown and Imre Szeman, Oxford: Rowman & Littlefield Publishers, 44-65.

.٣٤ Svendsen, Gunnar Lind Haase and Svendsen, Gert Tinggaard (2004). [On the wealth of nations: Bourdieu economics and social capital]. *After Bourdieu; Influence, Critique, Elaboration,* edited by David L. Swartz and Vera L. Zolberg, Kluwer, New York: Academic Publishers, 239-266.

.٣٥ Swartz, David (1997). *Culture and power: the sociology of Pierre Bourdieu*. Chicago: The University of Chicago Press.

.٣٦ Tony and Danaher, Geoff (2002). Schirato,.Webb, Jen *Understanding Bourdieu*. Crows Nest: Allen & Unwin.

٣٨ https://auis.edu.krd/?q=mission-and-values

٣٩ https://www.youtube.com/watch?v=LD25nBytVuU

٤٠ https://univsul.edu.iq/en/mission-and-vision/

٤١ https://www.facebook.com/univsulaimani

٤٢ https://cultureproject.org.uk/kurdish/child-kawa-jalal-2/

٤٣ https://dengekan.info/archives/14981

الملخص

اللغة الأنجليزية والعنف الرمزي: التعليم الخاص واللامساواة الأجتماعية في أقليم كوردستان

في يومنا هذا السؤال المهم بالنسبة الى التربية هي علاقة هذه المؤسسة مع المساواة الأجتماعية ,في السنوات الأخيرة وبعد سقوط نظام البعث التربية والتعليم تقوم بتحديث نفسها بشكل تدريجي ولذا فالسؤال المهم هنا هي هل أن هذه المؤسسة هي فرصة لمساوات إم انها فرصة اكثر بيد الطبقة العليا والمسيطرة ؟هدف البحث هو ان يبين مدى وجود العنف الرمزي و اللامساوات الاجتماعي في أوساط الدراسات العليا و خاصة في أوساط التعليم الأهلي في إقليم كوردستان يعد البحث بحثاً كمياً و قد استخدم المنهج التحليلي و كذلك منهج المقارنة و مجتمع البحث هو طلاب الجامعة وقد اتخذ البحث طلاب جامعة الامريكية – السليمانية نموذجاً ويحاول ان يقيس هذا الظاهرة في الجامعة السليمانية ايظاً وخاصة من الناحية التي ينظر بها المجتمع الى هذه الجامعة ولهذا الغرض قد اخذ ١٠ طلاب كنموذج البحث في كلا الجامعتين و قد استخدم البحث وسيلة المقابلة المفتوحة لغرض جمع المعلومات من نموذج البحث , ويبين نتائج البحث بأن اللغة الإنجليزية هي ذلك الرمز العنفي الذي يريد ان يستخدمها الطلاب لهذه تمايز واللغة الإنجليزية بشكل عام و مركز ثقافي هي وسيلة تلك رمز العنفي حيث تدعمها مجموعة أخرى من رموز كالمأكولات , ملابس , موسيقا و الذوق.

**الكلمات المفتاحية:** التعليم العالي ,الجامعة, العنف الرمزي , اللغة الإنجليزية , الرأسمال الثقافي , اللامساوات الاجتماعي .